## کێ گەلی کوردی ئەنفال کرد ؟
## کێ هەڵەبجەی کیمیاباران و شەهید کرد ؟
## کێ کوردستانی وێرانکرد ؟
## سلطان هاشم و علی حسن المجید ( عەلی کیمیایی ) و حسین رشید التکریتی
## یاخود سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانێ ؟ !!!!

عارف کەریم – ستۆکهۆڵم



ڕۆژی 2007/09/04 دەستەی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بریاری حوکمی لەسێدارەدانی هەریەک لە سلطان هاشم ، عەلی حەسەن ئەلمەجید ( عەلی کیمیایی ) ،حسەین ڕەشید ئەلتکریتی پەسەند کردو یەکسەر بریارەکەیان نارد بۆ دادگای باڵای تەمیزی عێراق کە ئەویش لەلای خۆیەوە پەسەندی کرد .

30ڕۆژ دوای بریارەکە دەبوایە لەسێدارەدانی هەریەکێک لەو تاوانبارانەی سەرەوە کۆتایی بهاتایە ، هەروەکوو چۆن پێشتر سەددام حسەین و عەواد حەمەد بەندەرو بەرزان تکریتی و تاها یاسین ڕەمەزان ، بەبێ دواکەوتن و بە فشاری شیعەکان لە چنگی ئەمەریکیان دەرهێنان و ملیان کردن بە پەتا هەتا مردن .

پێشتر سەبارەت بەهەڵواسین و ئیعدامکردنی وەجبەی یەکەم(لەسوننەکان) بەولاوە ، نە ئەمەریکا ، نە سەرۆک کۆمار ، نە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان نە( شیعە و کورد ) هیچ کامێکیان ورتەیەک لە دەمیان نەهاتە دەرەوە و نارەزایی خۆیان پێشان نەدا ، بەرێز مام جەلال خۆیشی لەو کاتەدا لە بەغدا نەبوو ، کەچی رێگریش نەبوو .

ئەمجارەیان ئەمەریکا بەهاوکاری دەوڵەتە عەرەبییەکان و گروپی سوننە و نەیارەکانی کورد ، دەیانەوێ مەسەلەی ئیعدامکردنی ئەم جەللادانەی گەلی کورد بکەن بە مەسەلەیەکی سیاسی و هەموویان ، بە تایبەتی ( سوڵتان هاشم ) ڕزگاربکەن لە مل بە پەتداکردن و بیانکەنە دیاری و دەستکەوتێکی سیاسی بۆ سوننەکان بە بیانووی ئاشتبوونەوەی گشتی و پێکهاتن و چارەسەری کێشەکان و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی یەکگرتوو ، گوایە بەم کارەیان عێراقێکی فیدرال و دیموکرات و یەکگرتوو دادەمەزرێنن کە تیایدا ئاشتی بەرقەراردەبێت و گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە .

ئەم فشارانە هۆی سەرەکی دواخستنی ئیعدامەکانە و پێشتریش بیانوویان ئەوەبوو کە جاری مانگی رەمەزانە و دوای جەژن جێبەجێی دەکەن ، بەڵام درۆیانکرد و هەتا ئێستایش ئەمەریکا تاوانبارەکانی تەسلیم بە حکومەتی عێراق نەکردۆتەوە ، ئەمە لەکاتێکدا لەیەکەم ڕۆژی جەژندا ملی سەددامیان کرد بە پەتدا !!

پێدەجی فشارو تەنگەتاوکردنەکان سەرودڵی بەرێز سەرۆک کۆمار مام جەلالی گرتبێتەوە و بیانەوێ کارەکە بەوبکەن ، چونکە شیعەکان نەک هەر رازی نین شتی وەها قەبوڵ بکەن ، بەڵکوو پەلەشیانە بریاری دادگا زوو جێبەجێ بکرێت و هەموو ئەم خوێنرێژو پیاوکوژانە ملیان بکرێت بە پەتی سێدارەدا و مژدە بدەنە گەلی عێراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتییەکانییەوە کە دیکتاتۆرو ملهووڕ و فاشیست و

خوێنمژەکان ئیعدام کران و جارێکیتر نموونەی ئەوانە لە گۆڕەپانی سیاسیدا جێیان نابێتەوە .
پێشەکی دەمەوێ بڵێم کە ئەم فاشیستە حوکمدراوە ترسنۆکانە قوتابی قوتابخانەکەی میشیل عەفلەق ـن و زەڕەیەک ئەخلاق و کەرامەت و شەرەفیان نییە و بە دڕندەترین گیانلەبەری !! ( نەک مرۆڤ ) ئەم دنیایە لەقەلەم دەدرێن ، ئەگەر بهاتایە و هیتلەر لە ژیاندا بوایە ئەوا بە شانازییەوە دەستی دەگرت بە سنگەوە بۆ ئەمانە و ستایشی دەکردن .
سوڵتان هاشم ، وەزیری بەرگری پێشووتری عێراق و یەکێک لە هەرە نزیکەکانی سەددام ، بەشداری کردووە لە هەموو هێرشەکانی پرۆسەی ئەنفال و بەرپرسە لە لەناوبردنی 182 هەزار کوردی بێتاوان لە منداڵ و کچ و کوڕ و گەنج و پیرو پەککەوتە ، جگە لە شەڕی عێراق و ئێران و پەلاماردانی کوێت . ئەو نوێنەری سوپای عێراق و سەددام بوو کە لە ژێر چادرەکەی (صفوان) لە ناوچەی بەسرەی نزیک کوێت ئیمزای تەسلیم بوون و کشانەوەی هێزەکانی عێراقی کرد لە کوێت . ئەو ترسنۆک بوو ، شەڕی نەکردو خۆی شاردەوە و دوایی خۆی تەسلیمی هێزەکانی ئەمەریکا کرد لە شاری موسل ، خۆیشی یەکێکە لە 55 کەسەکە کە کاتی خۆی ناو و وێنەیان بڵاوکرایەوە و فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچوو لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە . سەددامی مامۆستایشی لەو ترسنۆکتر بوو کە هاتە سەر ڕادیۆی بەغدا و بە دەنگە لەرزیوەکەی وتی : لەمەودوا کوێت پارێزگایەکی عێراق نییە . چونکە پێشتر سەددام کوێتی بە پارێزگایەکی عێراق لە قەڵەم دابوو .
ئێستا دوای ئەو هەموو ماڵوێرانییەی بەسەر کودر هات ، دوای ئەو هەموو تاوان و نامەردییەی ئەوانە بەرامبەر بەگەلەکەمان کردیان ، ناکری و نابی هەرکەسێک هەڵسێت و بڵێت : ئەمانە بە فەرمانی سەددام کارەکانیان ئەنجامداوە و ئەگەر نەیانکردایە ئەوا سەددام هەموویانی لەناودەبرد . ناکرێ و نابی فرمێسکیان بۆ هەڵڕێژین و بە ( خط مائل ) ی خۆمان حسابیان بۆ بکەین !! سیاسەت گاڵتەجاری و یاری منداڵان نییە و لە کوێدا خواروخێچ مامەڵەت لەگەڵ کرد ، ئەوا هەموو میللەت دەمت لێدەکاتەوە و ئەو قسانە لەسەرت دەکەوێت !!.
چاوپێکەوتن و دیدارەکانی ئەم دواییەی بەڕێز مام جەلال لەگەڵ ڕۆژنامەو کەناڵە ئاسمانییەکاندا ، هەڵوێستی ئەو سەبارەت بە ڕاگرتن یاخود ئیمزانەکردنی بریاری لەسێدارەدانی پیاوکوژەکان ، سەرنجی ڕووناکبیرو سیاسەتمەدارو شەقامی کوردیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و هەر هەموو کەوتوونەتە گازندە و گلەیی و بۆڵەبۆڵ و ڕەخنەو ، دەپرسن ئاخۆ سەرۆک کۆمار چی داوە لەم بەزم و سەرئێشەیە !!! دادگای باڵای تاوانەکان بریاری خۆی داوە و براوەتەوە و دادگای تەمیزیش پەسەندی کردووە ، ئیتر ئەم دەست تێوەردانە لە پای چی ؟ !! و کار گەیشتۆتە ئەوەی دکتۆر فوئاد مەعسوم ، سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ کوردستانی نوی بدوێ و لە ژمارە 4439 ڕۆژی 2007/12/04 دا دەڵێ : ئەوەی مام جەلال وتوویەتی بریار نییە ، بەڵکوو ڕایەکە ، ئێمە لە ئەنجوومەنی نوێنەران لەگەڵ لە سێدارەدانی هەموو تاوانبارانی ئەنفالداین بە سوڵتان هاشمیشەوە .
ئەمەی سەرەوە ئەوە دەگەیەنی کە سەرکردایەتی ی.ن.ک و فراکسیۆنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان ڕای جیاوازیان هەبێت دربارەی ئیعدامکردنی تاوانباران و ئاگاشیان لەیەکتر نەبیت !!!
هەر بەم بۆنەیەوە ڕۆژی 2007/09/10 دکتۆر ئەیاد عەلاوی ( سەرۆکی لیستی العراقیە ) نامەیەکی گەرموگوڕ دەنێریت بۆ بەڕێز مام جەلال و هەڵوێستی ئازایانەی ئەو ئافەرین و ستایش دەکات سەبارەت بە پەسەند نەکردنی حوکمی ئیعدام بەسەر سوڵتان ئەلهاشمیدا . بە پێچەوانەی ئەمەوە محمد العریبی ، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق و منقذ آل فرعون، سەرۆکی دەستەی

داواکاری گشتی لە کێشەی ئەنفال ،زوو ئەوەیان ڕەتکردەوە کە کەسێک بتوانێت ئەو بریارە هەڵوەشێنێتەوە . لەمادە 27ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق هاتووە کە هیچ کەسێک لە هەر پۆستێک بێت بۆی نییە لەم تاوانانە ببورێت .
لەلایەکی ترەوە یاساناس ، پرۆفیسۆر نوری تاڵەبانی ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هەفتەنامەی یەکگرتوو لە هەولێر ، ڕۆژی 2007/11/25 دەڵێ :
بڕگەی دووەمی مادەی 27ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان کە بە پێی یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005 پەسەند کراوە ، ڕێگا بە هیچ کەس و لایەنێک نادات حوکمی ئەو دادگایە دەستکاری بکات . لە ژمارە 39ی هەمان ئەو یاسایەدا هاتووە ، ئەنجوومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی ئەو دادگایە ڕێنمایی تایبەت بە چۆنێتی جێبەجێکردنی بریارەکانی ئەو دادگایە دەردەکات . ئەوەی کە تا ئێستا باسی لێدەکرێت دەربارەی بریاری لەسێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفال ، گوایا دەبێ ئەو بریارانە لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە پەسەند بکرێن ، ئەوە بە پێی یاسای شێوازی ( ئوسوڵی ) دادگاییکردنی سزای عێراقییە ، ئەو یاسایەش کاتێک کاری پێدەکرێت ئەگەر لە یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005دا دەقێکی یاسایی نەبێت . بەڵام لەم حاڵەتەدا دەقێکی یاسایی هەیە و ئەو دەسەڵاتە بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دراوە .
جێبەجێکردنی بریاری لەسێدارەدانی ئەو تاوانبارانەی بە تاوانی ئەنفال حوکم دراون سیفەتی جینۆساید لەو تاوانە وەرناگرێتەوە ، چونکە گرنگ بریاری دادگایە نەک جێبەجێکردنی ئەو بریارە . بریاری ئەو دادگایە بە ڕوونی تاوانی ئەنفالی بە تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی پێناسە کردووە و دادگای باڵای تەمیزی عێراقیش ئەو بریارەی پەسەند کردووە .
لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەمەوێ بڵێم :
لە جێی خۆیدا نییە سەرۆک و سەرکردەو سیاسەتمەداری کورد دابەزنە ئاستێکی نزم و شفاعەت بۆ تاقمێک سەرسەری و پیاوکوژ بکەن کە دەستیان سوورە بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ، ئەوانە کوردستانی ئێمەیان کردە گۆڕستان ، گوندی کوردستانیان بەسەر پێوە نەهێشت ، بەهەزاران دەستدرێژییان کردە سەر شەرەفی ئێمەو دواتر زیندە بە چاڵیان کردین ، هەرچی شێوازی ئازارو ئەشکەنجەدان و قاتوقڕکردن و لەناوبردن هەیە لە پاشماوەی نازییەکانیان کرییەوە لە ئەوروپاو دژی گەلەکەمان بەکاریان هێناو تاقییانکردەوە ، ئەگەر ئەمەریکا عێراقی ڕزگار نەکردایە لەم فاشیستانە ، ئەوا زۆری دانیشتوانی کوردستان لە بیابانەکانی ئەردەن ، سعودیە ، میسر ، جەزائیر ، لیبیا ....تاد خۆیان دە بینییەوە و عگالیان لەسەر سەر دادەنان .
ڕووناکبیرو نووسەرو دڵسۆزانی گەلەکەمان کەلەم مەسەلانەدا هەڵدەدەنێ
و بە ڕاشکاوی ڕای خۆیان دەڵێن ، بۆئەوە نییە قسەی بێتام و هەلەقومەلەق هەڵڕێژن و بە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی وشەی ڕەش و ناشیرین بێنە مەیدان و بچنە ناو موهاتەراتی سیاسییەوە ، کەسێک لەوانە پێی وانییە کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا هیچ ناکەن و خەریکی چوونە مەلهان ! ئەوەی لەو قسانەش بکات خۆی تووشی هەلەکردووە !. خەڵکانێکیش ئەگەر بایی خەبات و قوربانیدان و تێکۆشانی ڕابوردووی خۆی قسە بکات ، مانای ئەوە ناگەیەنێ کە پێپەتییە و هیچ نەزانە ، ئەگەر هەر حسابی پێپەتیش بۆ ئەوانە بکرێت ، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە سەرکردەکانی ئەم سەردەمە ڕەنج و ئارەق و تێکۆشانی ئەو کەسەیان دزیوە و دەستێک جلوبەرگ و جووتێک پێڵاویشیان بۆ نە هێشتۆتەوە تالەپێی بکات و بە پێی پەتی ماوەتەوە و ڕایکردوە بۆ دەرەوەی وڵات و چاوەڕوانی خێر و ئیحسان و سەدەقەی ئەم و ئەوە !!.
من بەش بەحاڵی خۆم کەلەمەسەلەیەکی وەها گرنگدا هەڵدەدەمی و دەیوروژێنم ، بۆ ئەوە نییە

کەسێک بریندار بکەم ، بۆ ئەوەیش نییە ستایش و ئافەرین بکرێم ، چەپڵەم بۆ لێبدەن و خەڵات بکرێم ، دەستکەوتیشم نییە لەوەزیاتر کە داکۆکی لە مافەکانی گەلەکەم دەکەم و شانازیش دەکەم کە ڕاست دەڵێم و دەنووسم . ئەگەر کاتی خۆی لە بەعسی فاشیست نەترسابم و لە قورگی ئەودا کاری سیاسیم کردبی لە پێناوی مەسەلەیەکی پیرۆزدا ، ئەوا ئێستایش لەکەس ناترسم .

با بریاری دادگاو ئەم مەسەلە گرنگە وەکوو کێشەی کەرکوک وpkk ی لێنەیەت و لەمەزیاتر میللەتەکەمان دەم نەکاتەوە ، چونکە هەموو دنیا خاپوور ببێت کەرکوک شارێکی کوردستانیە ، هەموو دنیا خاپوور ببێت pkk تێرۆریست نییە . پێویستە کورد پیدابگری لەسەر ئەمانە و لێی لانەدات و بیکاتە ستراتیژی خۆی بۆ ئێستاو داهاتوو .

کاتی خۆی ئەمەریکا و رۆژئاوا بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەمان تومەتیان دەخستە پاڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و یاسر عەرەفات هەروەها سوپای کۆماری ئیرلەندا ، هەرئەوەندە بزانە ئەو تومەتەیان لەسەر حزبوللەی لوبنان و حەماسی فەلەستینیش سڕییەوە و لابرد !!!!

ئەمەریکا بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەوانە کاردەکات و پیادەی سیاسەتی خۆی دەکات ، بەڵام لەزۆر مەسەلەدا تووشی هەڵە بووە و دەبێ باجەکەی بدات . ئەوەی گرنگ و پێویستە بۆ دیپلۆماسییەتی کوردی کە پەیرەوی بکات ئەوەیە کە قەبوڵ نەکات ئەمەریکا باجەکانی خۆی بەسەر ئێمەدا فەرز بکات و بمانکاتە سووری بەر لەشکر و باجەکانی خۆی بەئێمە دەفع بکات ! موناسەبە چییە کورد لە جەللادەکانی خۆی خۆش ببێت لەبەر خاتری سوننە ؟!! بۆچی سوننە لەسەر حسابی کورد هەنگاوی ئاشتبوونەوە بنێ و لەگەڵ شیعەکاندا ڕێک بکەوێت ؟!! بۆچی کورد ئەمەی کردۆتە سەرئێشە بۆ خۆی ؟ ڕێگای باشتر هەیە کە کورد بیگرێتە بەر و فشار بخاتە سەر ئەوانیتر ، ئەویش ئەوەیە هەرکاتێک زۆریان بۆهێنا ، ئەوا با هەموو بەیەک دەنگ بریاربدەن بەغدا جێبهێڵن و بگەرێنەوە بۆ کوردستان ، خۆ دنیا کاول نابێت !! ئیتر ئەوسا ئەوانەی فشار دەخەنە سەر کورد قەدری عافیەت دەزانن و پە پێی خۆیان ڕادەکەن بۆ کوردستان بۆ لای سەرکردایەتی سیاسی کورد و فشارەکانیش فشە دەردەچێت و وەکوو خۆیان نامێننەوە و کەسەکانیش وەکوو باڵۆن فش دەبنەوە ، ئەوکاتانەی کورد لەشاخ خەباتی چەکدارییی دەکرد و خوێنی دەداو شەڕی سەددامی دەکرد ، ئەم ئەفەندیانە هەموویان لە پایتەختەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا بوون و خەریکی پێک هەڵدان بوون و دەیانویست بە فاکس و تەلەفۆن و فشەی سەر شاشەی تەلەفزیون حکومەتی بەعس بڕوخێنن !! من تێناگەم بۆچی کورد خۆی بە بچووکتر دەزانێت لەمانە ؟! ئەمانە هیچ نین ئێمە زلمان کردوون ! .دەسەڵاتی سیاسی کورد ، نوێنەرانی کورد لەبەغدا زیاد لە پێویست خۆیان بۆ ئەمانە شل کردووە و هەرشتێک ، لایەنەکانی تر دەیلێن ، ئەمان خێرا بە پیریانەوە دەچن و چۆنیان بوێ وایان بۆدەکەن .

پێویستە بەڕێز سەرۆک کۆمار و سەرکردایەتی ی.ن.ک و حزبە کوردستانییەکان ، لە پێش هەموویانەوە پ.د.ک بەیەک دەنگ داوای لەسێدارەدانی جەللادەکانی کورد بکەن و هەتا زویش جێبەجێی بکەن درەنگە ، پێویستە بۆ ئەم مەبەستە دەنگیان لەگەڵ شیعەکاندا ( ئەوانەی پەلەیانە بریاری دادگا جێبەجێ بکرێت ) یەکخەن و بەهەموان فشار بخەنە سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کە تاوانبارەکان تەسلیم بە حکومەت بکەنەوە بۆئەوەی بەزووترین کات لە سێدارەبدرێن و دڵی کەسوکاری قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە خۆش بکەن .

چاکتر وایە بەڕێز مام جەلال ئەوەندە خۆی نەدات بە دەستەوە بۆ ئەم کەناڵی ئاسمانی و ئەو ڕۆژنامە و خۆی دوور بخاتەوە لەو قسانە کە شەقامی کوردی لێی بێزارەو پێی ناخۆشە و پێی تووڕەدەبێت تائەم قسانەی خوارەوە بەمام جەلال نەڵێن :

یەکەم/ مام جەلال سومعەی میللەتەکەی خۆی خۆش ناوێت و حساب بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان ناکات کە ئەوی هەڵبژاردووە بە سەرۆک کۆمار و نرخ دانانی بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی قوربانییەکانی ئەنفال و کیمیاباران ، لەسەر حسابی ئەم هەموو خەڵکە شت دەڵێت و شت دەکات بەبێئەوەی کەس ئاگای لێبێت.

دووەم / مام جەلال دەرگا دەخاتە سەرپشت بۆ نەیار و ناحەزو دوژمنەکانی کورد کە سووکایەتی زیاتر بکەن بە گەلەکەمان و بێنرخ سەیری کێشەی نەتەوەیی ئێمە بکەن .

سێیەم/ مام جەلال بەشیوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە دەزگا نێودەوڵتییەکان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێودەولەتی دەڵێ:جەللادەکانی ئێمە پیاوچاکن ، ئەوانەی دوای ئەوانیش هەرچیەک بکەن بەرامبەر بە نەتەوەی کورد هەر قارەمان و پیاوچاکن و دەبێ کورد پەیکەریان بۆ دروست بکات .

چوارەم/ ئەگەر دوژمنانی گەلی کورد پەیوەندی نهێنییان بە خۆیەوە هەبوبێ وەکوو مام جەلال خۆی دەڵێت ، کەواتە ئەو خۆی واتە ( مام جەلال ) فەرمانی ئەنفالکردن و کیمیابارانی کوردستانی بە جەللادەکانی گەلی کورد سپاردووە و لەم حاڵەتەدا بەرپرسە و دەبێ بچێتە بەر دەمی دادگای گەل .

پێنجەم / ئەگەر ئەم هەوڵ و تەقەلایانەی مام جەلال سەربگرێ ، ئەوا دەستوور و یاسا و دادگا و دادوەر هیچ نرخێکیان نامێنی و هەموو شتێک دەبێتە گاڵتەجاری و ئیتر ئەوسا مەگەر یاساکانی جەنگەڵ بەکەڵک بێن و سوودیان لێوەربگیرێ .

شەشەم/ مام جەلال سەرکردەیەکی عەرەب و شێخولعەرەبێک بە هەموو کورد ناگۆڕێتەوە و زۆری پێخۆشە لای ئەوان بچوک بێت و لە خزمەتی ئەواندابێت .

لەدواییدا بۆئەوەی کورد بەسەلامەتی لەم کێشەیە ڕزگاری ببێ و بەسەربەرزی لێی بێتە دەرەوە ، بۆ ئەوەی دوژمنەکانمان لەمە زیاتر شووڵی تەڕی لێهەڵنەکێشن و سوکایەتیمان پێنەکەن .... باهەموو توێژو چینەکانی گەلەکەمان . با هەموو حزبە کوردستانییەکان ، باحکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بە یەک دەنگ داوای تەسلیمکردنەوەی جەللادەکانی ئێمە بکەن بۆئەوەی بدرێنەوە بە حکومەت تا بریاری عادیلانەی دادگایان بەسەردا بسەپێنن .

عارف کەریم _ ستۆکهۆڵم